# لەگەڵ مەحکومیەتە نێودەوڵەتیەکان، رژێم ناچار بووە ئێعدام کردنی مێرمنداڵان راگرێ

هەژیر

دەسەڵاتی سیکتاریسمی ئاخوندی بەمەبەستی نەهێشتنی حەرەکەتی ئازادیخوازی، ئێعدام و سزا غەیرە مرۆڤایەتیەکانی پەرەپێداوە و بۆ کپ کردنەوەی دەنگی دلێر و حەق بێژانەی جەماوەری رۆشنبیر و ماف ویست و ئازادیخواز سنووری نەهێشتۆتەوە. ئێران کە وەڵاتێکی هەمەڕەنگ و فرە چەشنە بە ئاقاری یەك هێڵ و نیشان دادەبردرێ و ئاخوندانی دەسەڵات ویست و خودکامە دەیانهەوێ هەموو خەڵکی ئەو وەڵاتە وەك وان بیر بکاتەوە. هەر بیرێکی جیاواز لە بیری ئاخوند و رژیمەکان دەچێتە چوارچێوەی دژبەریی نیزامی موتڵەق گەراو هەر دەربڕینێکی ئازادیخوازی و ماف ویستیانە بە تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی دێتە ئەژمار. بەو پێیە هەر ناڕەزایەتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هتد... هێڵی سورە و بەپێچەوانەی بیرو مەیلی سەرانی رژیمە، هەربۆیە ئیجازە بە خۆیان دەدەن هەوساری چەقۆکێش و بەرگەراجی بەسیج و سوپا و باقی دامەزراوە سەرکوتگەرەکانی بۆ گیانی خەڵکی ئازادیخواز شل بکەن و بەجۆرەها شێوەی دڕندانە لەناویان بەرن. منداڵ و مێرمنداڵ و لاوان، قوربانیانی سیاسەتە چەپەڵەکانی رژیمن و لە هەموو لایێکەوە تووشی داڕمان و لەناوچوون بوون. بێ ئەوەی گەڵاڵەی رۆشنبیری و بەرنامەی تایبەتیان هەبێ، لەکاتی ئەنجام دانی هەر تاوانێك، بێ لێکۆڵینەوە لە باری سایکۆلۆژی و لەش ساغی ئەو چینانە لەگەڵ قورسترین سزا بەرەوڕوو دەبن. لەماوەی دەسەڵاتی رژیمدا دەیان منداڵی خوار ۱۸ ساڵ ئێعدام کراون و هەزارانی دیکەش بۆ درێژماوە زیندانی کراوون. چاڵە رەشەکانی رژیم ئاخندراوە لە منداڵ و لاوان و ئێستا ۱۳۰ منداڵ چاوەڕێی پەتی سێدارە دەکەن. ئەوە لە کاتێکدایە کە رێکخراوە جیهانیەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ، هەنگاوە دژە مرۆڤانەکانی رژیم لەو پێوەندیەدا مەحکوم کردوە و بەتوندی داوای لێ دەکەن ئێعدامەکان بەتایبەت لەسێدارەدانی منداڵ و مێرمنداڵان رابگرێ و چیتر بەو حوکمە درێژە نەدات. لە سەروەدەمی لەسێدارەدانی چەند مێرمنداڵ و تێکۆشەری سیاسی، چەند سازمانی نێودەوڵەتی پارێزەری مافی مرۆڤ بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازێك، بە توندی داوا لە سازمانی نەتەوە یەکگرتوەکان بکەن کە لە هێندێك وەڵات لەداردانی لاوانی خوار ۱۸ ساڵ ئێستاش درێژەی هەیە و دەبێ ئەو سازمانە تێ بکۆشێ پێشی پێ بگرێ. بانگەوازی نێودەوڵەتی بۆ راگرتنی ئێعدامی مێرمنداڵان، بیری چاودێری مافی مرۆڤە، بەڵام باقی سازمانەکانی مافی مرۆڤ یەك لەوان سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی، کەمپەینی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ لە ئێران، فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ و سازمانی جیهانی موبارەزە لەگەڵ شکەنجە، پشتیوانیان لێ کردوە. ئامانج لەو بانگەوازە کۆکردنەوەی واژوە بۆ راگرتنی لەداردانی مێرمنداڵان و ناردنی بۆ سازمانی نەتەوەکانە تا کۆمەڵەی گشتی سازمانی نەتەوەکان فشار بهێنێ بۆ ئەو رژیمانەی کە منداڵ لەدار دەدەن و هەوڵ بدا بەری پێ بگرێ. لەو بانگەوازەدا هاتووە: تەواوی وەڵاتان بەڵێنیەکانی نێودەوڵەتیان واژو کردوە و بەپێی ئەو یاسایە دەبێ منداڵانێك کە لەخوار ۱۸ ساڵ توشی تاوان دەبن، ئێعدام نەکرێن. زۆربەی وەڵاتانی جیهان ئێعدام کردنی منداڵانی خوار ۱۸ ساڵیان راگرتوە و لە ساڵی ۲۰۰۵ ی میلادیەوە تا ئێستا تەنیا ۵ وەڵات ناسێندراون کە ئێستایش مێرمنداڵان ئێعدام دەکەن، رژیمی ئاخوندی ئێران لە سەروی ئەو ۵ وڵاتەوەیە. بەپێی راپۆرتی سازمانی چاودێری مافی مرۆڤ لە رێکەوتی ۱۲ی بەفرانباری ساڵی ۱۳۸۳وە تا ۱۲ی خەرمانانی ساڵی ۱۳۸۷ بەلانی کەمەوە ۳۲ مێرمنداڵ لەو ۵ وەڵاتە ئێعدام کراوون. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندی (۲٦نەفەر) عەرەبستانی سعودی (۲نەفەر) سودان (۲نەفەر)، پاکستان ( یەك نەفەر) و یەمەن ( یەك نەفەر). ئێستا زیاتر لە ۱۰۰ منداڵ چاوەڕێی بەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدامەکەیانن. ئەو ژمارە، ئامارێکی رەسمیە، بەپێی نارەسمیەکان زۆرزیاتر لەو ژمارە چاوەڕێی مەرگن. لە پێوەند بە ئێعدام کردنی منداڵ و مێرمنداڵان لە وەڵاتان بەتایبەت لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندان، شورای مافی مرۆڤی سازمانی نەتەوە یەکگرتوەکان بەتوندی رەخنەی لە رژیمی ئێران گرتوە. گوتەبێژێکی کومیسارییای بەرزی شورای مافی مرۆڤ لە ژنێڤ، ئێعدام کردنی دوو مێرمنداڵی لە ئێران بە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لەو وەڵاتە زانی.مانگی خەرمانانی رابردوو نیزامی دادوەری رژیمی ئاخوندی دوو مێرمنداڵی بە ناوەکانی رەزا حیجازی و بێهنام زارع ئێعدام کرد. بێهنام زارع و رەزا حیجازی لە تەمەنی ۱۵ و ۱٦ ساڵیدا کەسێکیان کوشتبوو. بێهنام لەکاتی لەداردانی ۱۹ ساڵە و رەزاش ۲۰ ساڵە بوو. حوکمی ئێعدامی ئەو دوو مێرمنداڵە بێ ئاگادار کردنەوەی وەکیل و بنەماڵەکەی بەڕێوە چوو. گوتەبێژی شورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان گوتی: ئێعدام کردنی ئەودوو مێرمنداڵە بەپێچەوانەی کۆنوانسیۆنی مافی منداڵانە کە رژیمی ئێران واژووی کردوە. حوکمی ئێعدام و هەتا هەتایی نابێ بۆ ئەو کەسانە دەربچێ کە تەمەنیان لەخوار ۱۸ ساڵە. قەراری ۱٦ ی راگەیێندراوی جیهانی مافی مرۆڤ پێداگری دەکات کە سزای مردن نابێ بۆ ئەو کەسانەی کە لەخوار ۱۸ ساڵ تووشی تاوان دەبن، دەربچێ. بەپێی راپۆرتی سازمانەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ، رژیمی ئاخوندی لەلایەنی رادەی ئێعدام، لەدوای چین لە پلەی دووهەمدایە. هاوکات رژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی یەك لەو سێ رژیمەیە کە منداڵانی ژێر ۱۸ ساڵ ئێعدام کردوە. لەسەرەتای ئەم ساڵی میلادیەوە تا ئێستا ٦ مێرمنداڵ لە ئێران ئێعدام کراوون. لە مانگەکانی رابردوودا یەکیەتی ئوروپا و سازمانەکانی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ وەکو لێبوردنی نێونەتەوەیی و چاودێری مافی مرۆڤ، داوایان لە نیزامی بەناو دادوەری رژیمی ئاخوندی کرد کە ئێعدام کردنی مێرمنداڵان رابگرێ. پارێزەرانی مافی مرۆڤ دەڵێن: کوشتنی مێرمنداڵان نە بەڕێوەبردنی عەداڵەتە و نە دابین کردنی ئاسایشە لە کۆمەڵگای ئێران. یەکیەتی ئوروپاش هاودەنگ لەگەڵ باقی رێکخراوەکانی دیکە و بۆ پاڵپشتی کردن لە دەنگی نا بۆ ئێعدام، ناڕەزایەتی لە بەرانبەر ئێعدامی ۷ نەفەر لە ئێران دەربڕی. ئەو ۷ نەفەرەش لەکاتی توش بون بە تاوان تەمەنیان لەخوار ۱۸ ساڵ بووە. سەرۆکی دەورەیی یەکیەتی ئوروپا رۆژی هەینی ۲۵ ژانویە لە بروکسیل گوتی: ئێعدامی ئەو کەسانە بەپێچەوانەی رێکەوتنە نێو دەوڵەتیەکانە کە رژیمی ئاخوندی واژوی کردوە. یەکیەتی ئوروپا هەروەها داوای لە رژیمی ئاخوندی کرد کە سزای ئێعدام بەتایبەت بۆ مێرمنداڵان هەڵبگرێ. لە راگەیێندراوی سەرۆکایەتی یەکیەتی ئوروپا رەخنەی توند لە رژیم گیراوە کە لە رێگەی بەردەبارانەوە مرۆڤەکان لەناو دەبات. لە ماوەی رابردوودا دوو کەس لە شیراز لەرێگەی بەردانەوەیان لە بەرزیەوە، حوکمی مەرگیان بەڕێوە بردن. لەماوەی چەند مانگدا ئەمە دووهەم جارە کە یەکیەتی ئوروپا لە بەرانبەر ئێعدامەکان لە ئێران رەخنە لە رژیمی ئاخوندی گرت. لە مانگی ئۆکتۆبری رابردوودا، سەرۆکی پارلمانی ئوروپا داوای لە رژیم کرد خۆی لە ئێعدام کردنی منداڵ و مێرمنداڵان بپارێزێ. ئێعدام کردنی مەکوان مەولود زادەی ۲۱ ساڵ خەڵکی مەریوان، نوێترین حوکمی ئێعدامە کە رژیم بەڕێوەی برد. مەکوان بە تاوانی دەستدرێژی بۆسەر کچێکی مێرمنداڵ لەکاتێکدا کە ۱۳ ساڵە بوو بە ئێعدام مەحکوم کرا. ئەو کەسانەی کە گومانیان لێ هەبوو شایەدیان لەدژ دا بوو بەڵام لەدوایدا قسەکانی خۆیان خواردەوە. سزای ئێعدام لە ئێران رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر دەبێ. مێرمنداڵ و لاوان و تەنانەت کەسانی بەساڵا چوو لەسەر تاوان گەلێك کە شیاوی ئێعدام نین، دەبێ بچنە پای دارو لەناو بچن. رژیمی ئاخوندی لە پەرەپێ دانی حوکمی ئێعدام و بەڕێوەبردنی، دەیهەوێ دوو ئامانج بپێکێ، یەکەم خەڵکی ئازادیخواز و ماف ویست چاوترسێن بکات و دوایش کۆتایی بە نەیارانی بێنێ. ئاخوندانی جینایەتکار نەك نەیانتوانیوە بەو کارانەیان ناڕەزایەتی خەڵك بوەستێنن و حەرەکەتی ئازادیخوازی لەکار بخەن و خەڵك چاوترسێن بکەن، بەڵکوو لەگەڵ لافاوی رق و تورەیی پیرۆزی نەتەوە جیاجیاکان و پێك هاتەکانی ئێران بەرەوڕوو بووە و هەموو رۆژێك لەلایەن یەکیەتیەك یان رێکخراوێك مەحکوم دەکرێ. لە دوای ئەو فشارە جیهانیەکان بۆ سەر رژیم دەسەڵاتداران ناچار بوون حوکمی ئێعدامی میرمنداڵان راگرن بەڵام حوکمی هەتا هەتاییان هێشتەوە کە ئەو حوکمەش بپێچەوانەی داواکاری کۆمەڵگەی جیهانیە.

***



# رۆژی جیهانی خەبات دژبە ئێعدام

رۆژی هەینی ۱۹ی ڕەزبەری ۱۳۸۷ـ ۱۰ی ئۆکتۆبری ۲۰۰۸، رۆژی جیهانی خەبات دژ بە ئێعدامە. لێبوردنی نێونەتەوەیی لە بانگەوازێکدا داوای بەرێوەبردنی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لە سەرانسەری جیهان دژ بەو سزایە کرد. لە ڕاگەیێندراوی رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی کە بە بۆنەی ۱۹ی ڕەزبەر، رۆژی جیهانی خەبات دژ بە سزای ئێعدام بڵاوی کردەوە، هاتووە کە زۆرترین ئێعدامەکانی جیهخان لە ئاسیادا بەرێوە دەچن.

بە پێی ئەو نووسراوەی لێبوردنی نێونەتەوەیی، لە ساڵی ڕابردوودا ۱۲۵۲ ئێعدام لە ۲٤ وەڵاتی جیهاندا بەرێوەچووە. زۆرترین ئێعدام لە شەش وەڵاتی جیهان بەرێوەچووە کە چین لە سەرەوەی ئەواندا جیگەی گرتووە. رژیمی ئێران پلەی دووهەمی هەیە و عەرەبستانی سعودی، پاکستان و ئەمریکا لە پلەکانی دوایی دا جیگەیان گرتووە. وەڵاتی خانەخوێی ئولەمپیکی ۲۰۰۸ (چین)، لە ساڵی ۲۰۰۷ دا بەلانی کەمەوە ٤۷۰ کەسی ئێعدام کردوە.

ڕەناتە مولر- وولرمان، یەکێك لە بەرپرسانی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ئاڵمان دەڵێ: جیهان چاوی لە ئاسیا بڕیوە و ئاسیا لەوە زیاتر ناتوانێ پایەکانی مافی مرۆڤ لە بەرچاو نەگرێ. بە ووتەی ئەو بەرپرسەی لێبوردنی نێونەتەوەیی، ۹۵ لەسەدی خەڵکی ئاسیا خاوەنی رژیمانێکن کە سزای ئێعدام بەرێوە دەبەن.

هەروەها ئەریکان ئەشتاین باخ، ووتەبێژی کۆمیسیونی مافی مرۆڤی حیزبی دیموکرات مەسیحی و سوسیال مەسیحی لە پارلمانی ئاڵمان بە دەرکردنی ڕاگەیێندراوێك بەبۆنەی رۆژی جیهانی خەبات دژ بە ئێعدام گووتوویەتی: سزای ئێعدام هەموو ساڵێك لەلایەن ژمارەییێکی زۆر لە وەڵاتان وەلادەنرێ. بەڵام بەو حاڵەش تەنیا ۱ لە سەر ۳ی خەڵکی جیهان لە وەڵاتانێکدا دەژین کە سزای ئێعدامی تێدا ڕەد کراوەتەوە.

هەروەها لە ڕاگەیێندراوی ئەریکان ئەشتاین باخ دا هاتووە: لە هێندێ لە وەڵاتان لەو بارەوە گەڕانەوە بۆ دواوە دەبینرێ. بە نمونە ژمارەی ئێعدام کراوەکان لە ئەفغانستان و ئیتیوپی لە ساڵی ۲۰۰۷ دا زیادی کردوە. ئەو ساڵ لە گواتمالا، بەرپرسانی ئەو وەڵاتە خەریکی داڕشتنی قانوونێکن کە رێگە بە بەرێوەبردنی سزای ئێعدام دەدا.

رژیمی ئێران قانوونێکی پەسەند کردوە کە بەو پێیە هەر کەس لە ئیسلام پاشگەز بێتەوە بەرەورووی ئێعدام دەبێتەوە.

### رژیمی ئێران لە گەمارۆی رخنەکاندا:

لە چەند ساڵی ڕابردوودا رژیمی ئێران لەو رژیمانە بوو کە لە گەمارۆی رخنەی نێونەتەوەیی دا بووە بە هۆی ژمارەی زۆری ئێعدامەکان و هەروەها ئێعدامی مێرمنداڵان. بە پێی ڕاپۆرتی رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ساڵی ۲۰۰۷ لە حاڵێکدا رێژەی سزای ئێعدام لە سەرانسەری جیهان لە چاو ساڵانی پێشووتر رووی لە کەم بوونەوە کردوە. رژیمی ئێران لەو رژیمانەیە کە رێژەی ئێعدام لە چاو ساڵانی پێشووتر زیادی کردوە و لە ساڵی ۲۰۰۷ بەلانی کەمەوە ۳۱۷ کەس لە ئێراندا ئێعدام کراون.

هاوکات رژیمی ئێران یەکێك لەو سێ وەڵاتەیە کە مێرمنداڵان ئێعدام دەکا. رێکخراوەکانی پشتیوانی لە مافی مرۆڤ دەڵێن، لە ساڵی ڕابردوودا ۳۲ مێرمنداڵ لە جیهاندا ئێعدام کراون کە ۲٦ کەسیان لە ئێراندا بوون ئەو مێرمنداڵانە تاوانبار بوون کە کاتی ئەنجام دانی تاوان لە ۱۸ ساڵ کەمتر بوون. تەنیا لەم ساڵدا شەش مێرمنداڵی تاوانبار لە ئێران ئێعدام کراون.

ژمارەییێکی زۆر لە ئێعدامەکان لە ئێران لە شوێنە گشتیەکاندا بەرێوە دەچن. بەرپرسانی دادوەری رژیم پێ یان وایە بەرێوەبردنی ئێعدامەکان لە شوێنە گشتیەکاندا کاردانەوەی باشی دەبێ بۆ کەم کردنەوەی تاوان. بەڵام لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسان لە زۆربەی وەڵاتان ئەوە دەردەخا، لە ئەو شێوە کارانە زیاتر پەرە دەدا بە توند و تیژی لە کۆمەڵگادا.

لایەنگرانی مافی مرۆڤ و نەیارانی سزای ئێعدام لەو باوەڕەدان کە ئێعدام کردن بەرێوەبردنی عەداڵەت نیە، بەڵکوو تۆڵەکردنەوەیە و بەرێوەبردنی ئەو سزا درندە و بێ رەحمانەیە لە هیچ وەڵاتێکدا نەبووتە هۆییێك بۆ کەم کردنەوەی تاوان.

لە ڕاگەیێندراوی یەکەمی (کۆنگرەی جیهانی بۆ لابردنی سزای ئێعدام) کە ساڵی ۲۰۰۱ لە ئەستراسبورگی فەرانسە بەرێوەچوو، هاتووە: سزای ئێعدام هیچ کات رێگەی لە ئەنجام دانی تاوان نەگرتووە. ئەو سزایە وەکوو شکەنجە کردەوەییێکی زۆر وەحشیانەیە، کارێکی نامرۆڤانە و بێ حورمەتی حیساب دەکرێ. رژێمێك کە سزای ئێعدام بەرێوە ببات، رژیمێکە کە هانی توند و تیژی دەدا. هەر کۆمەڵگاییێك رێز لە کەرامەت و گەورەیی مرۆڤ دەگرێ، بۆ لابردنی سزای ئێعدام هەوڵ دەدا.

***

